محەمەد فەریق حەسەن

# نووسەری خێڵەکی
(ئەڵقەی-1)

## بەرایی:
مەبەست لە ورووژاندنی ئەم باسە، نەئازاردانی کەسە و نە لاقرتیشە بەهیچ نووسەر و هونەرمەندێ. سەبارەت هونەرمەند دیارە مەبەست لەو توێژەیە، کەلە بواری شێوەکارو شانۆ مۆزیکدا چالاکن و  خاوەنی داهێنانن. لاسایی ناکەنەوە و بەشوێنداچوونیان هەیەو لە گەشەو خۆپێگەیاندنی بەردەوامدان. هەرچی نووسەریشە، خۆم لەوانەیان لادەدەم ،کە بەنووسینی سیاسییەوە سەرقاڵن و نازناوی خێڵیان هەڵگرتووە. بەڵکو ئەم نووسینە ڕووی لە سەرجەمی ئەدیبانە. هەر دیاردەیەکیش ملی بگری، دەکرێ لەسەری بوەستی و لەبارەیەوە بدوێی. نەخاسمە ئەم دیاردەیەی لێرەدا لەسەری دەڕۆم، کە پێوەندیی بە توێژێکی کۆمەڵەوە هەیە، کەم تا زۆر کاریگەریی لەسەر زەین و هزری نەوەی نوێ هەیە. دەزانم بەندە یەکەم کەسم بابەتێکی وەها هەستیار و ناسک دەورووژێنم. هەموو دەست پێشخەرییەکیش، ئەرێنی بێ یان نەرێنی ڕەگدانەوەی هەیە. هەن دەبنە لایەنگرو هەشن دەنگی گازن بەرزدەکەنەوە و ڕەنگە سەرکۆنەم بکەن و باس و خواسی وەهاشیان پێ قووت نەچێ. بەڵام بەهەردوو بارەکەدا مەردم  ئازادن چۆن بیردەکەنەوە.

## نووسەری خێڵەکی:
کاتێ دەبینی هونەرمەندێ، نووسەرێ، نازناوی خێڵی هەڵگرتووە، با ئەو لەناخی خۆیدا وەهایش بیری  لێ نەکردبێتەوە و هێندە بەگران نەیگرتبێ، بەڵام تۆ ئەگەر تاکێکی ڕۆشنبیر بی، ئەوا یەکسەر زەینت بۆ ئەوە دەچێ، کە ئەم تاکەی کۆمەڵ باوەکو نووسەر یان هونەرمەندیشە، وەلێ خاوەنی هزرێکی وشک و داخراوە، لەم چاخی مەدەنییەت و جیهانگیرییەدا گوێڕایەڵیی ئەو(ولاء) بۆ خێڵەکەیەتی نەک بۆ نیشتیمانەکەی ،کە (کوردستان)ەو نەتەوەکەی، کە(کورد)ە!
دەکرێ بپرسین: لەدایک بوونی شاعیرێک لە شارەزوور (بۆنموونە) چ پێوەندییەکی بەسەر شیعرەوە هەیە، تا شاعیر نازناوی شارەزووریی یان (جاف) هەڵبگرێ و لافی پێوەلێبدا؟!.. ئەوە مەسەلەیەکە تەنیا پەیوەندیی بە باری شارستانییەوە( الأحوال المدنیة ـ نفوس) هەیە. نەک بەهونەری شیعرەوە. پێم وایە (خێڵ) چەند گەورە و ناوداریش بێ، لەبەر زۆر هۆ، کە پاشان دێمەسەریان؛ هێشتا هەر ئەوە ناهێنێ ئەدیب و هونەرمەند دابەزنە ئەو ئاستەی بیکەنە پاشناو یاخود نازناوی خۆیان. دەکرێ ئەوان نازناوی خێزانەکەیان هەڵگرن. وەک زۆر کەس کردوویانە: جۆڵا، کابان، خەزنەدار، دارتاش، صائیب، دیلان..

یان دەکرێ نازناوی هونەریی بۆخۆیان بدۆزنەوە و ئەم نازناوانە ماناو مەدلوولیان لەخۆیاندا هەڵگرتبێ وەک: دڵدار، زامدار، قانیع، جگەرخوێن، مەولەوی، شارەزا، دلێر، پەرۆش، پەشێو، ڕەنجدەر، سەرسام، سالار، هەرەس ..
دەشێ لەبەر هەرهۆیەک بێ، ئەگەر ناوی خۆیان بەدڵ نەبوو، بەناوێکی دیکەی کوردیی بیگۆڕن. بەڵام هەڵگرتنی ناوی خێڵ بۆ ئەدیب و هونەرمەند بەکارێکی ناجۆر دەبینم. ڕەنگە خۆی وەهای لێکنەداتەوە ؛ بەڵام لەڕاستیدا مانای وەهایە هیچ نەبێ شانازی بەخێڵەکەیەوە دەکات!.. لەوانەیشە ئەو زاتە مەودای بیرو تێفکرینی لە سنووری خێڵ تێنەپەڕیێ. یاخود ئەو هونەرمەندی خێڵە ؛ نەک کوردستان. لەکاتێکدا دەست گرتن بە ستوونی ڕەشماڵ و ئەقڵی خێڵەوە، وێڕای ئەوەی لەڕەوتی سەردەم دوامان دەخا ،لە خاک و نەتەوەشمان دووردەخاتەوە.
مارتین ڤان برونسەن پێیوایە (( لەیاساو ڕێسای خێڵدا گوێڕایەڵی - وەلا - بۆ خێل لەپێشترە هەتا نەتەوە. ئەهلی حەق دەڵێ من تایەفەی ئەهلی حەقم. سوننە دەڵێ من سوننەم و عەلەوی دەڵێ من شیعەم... هتد.)) ئەم ڕایەی نووسەری ئەڵمانی ڕاستگۆیی تێدایە. هەر بەم زووانە هەواڵەکانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی عیراق جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە زۆرێک لە کوردە فەیلییەکان بەو مەڵامەتەی، شیعەن، دەنگیان بۆ لیستی شیعە داوە نەک بۆ لیستی هاوپەیمانیی کوردستان. زۆرێ لە کوردانی شەبەکیش بە هەمان شێوە دەنگیان داوە. ئەمەش مانای وایە ئەوان گوێڕایەڵی نەتەوەی کورد نین و وەک ئاستی شارستانیش هێشتا لە قۆناغی ئاینزا و تایەفەیان تێنەپەڕاندووە.
هەروەها ئەم نووسەرە پێیوایە: ((کورد کە بووە بەجاش دژی براکانی، وەک تاک ئەم کارەی نەکردووە. بەڵکو وەک خێڵ کردوویەتی. سەرۆک خێڵ، خێڵی دنەداوە ببنە جاش، چونکە لە دروست بوونی قەوارەی نەتەوەدا دەسەڵاتی خێڵ لەنشێو دەدا..)) هەمان نووسەر لەجێیەکی دیکەی کتێبەکەیدا دەڵێ: (( هەموو سەرکەوتنێکی نەتەوەیی بە تێکشکانی خێڵ و تیرەکانی کۆتایی دێ. بۆیە هەردەم سەرخێڵەکان دژ بەدروستکردنی کیانێکن بۆ کورد.))
خێڵ پەرستی و بەگەورە و پیرۆز ڕاگرتنی، جگەلە پەرت و بڵاوی و خۆخۆیی و خزم خزمێنە هیچی دیکە ناگەیێنێ. ئەدیب و هەنەرمەند چاوەڕوانی ئەوەیان لێدەکرێ هەوڵی سڕینەوەی سنوورەکانی خێڵ بدەن، نەک سەدان ساڵ بمانبەنەوە دواوە بۆ یاساکانی ڕەشماڵ.
نووسەری ئێستا بەچ نیازێ، نازناوی خێڵ هەڵدەگرێ؟.. ئەگەر لێبقەوما، خێڵ لەشکر بکات و لەسەری هەڵبداتێ؟! ئەگەر نەداربوو دەستگیرۆیی بکا و بیژێێنێ؟! یان ئەگەر هاتو خێڵکەی لەگەڵ خێڵێکی دیکەدا بەشەڕهات، ئەم قەڵەم تووردا؛ بەرگی غەزا بپۆشێ و بڕنەوێ هەڵگرێ و بچێتە پاڵ جەنگاوەرانی خێڵ؟!.. ئەندامانی خێڵ بەرهەمەکانی بخوێننەوە و ئەزبەریان‌بکەن؟! جا ئەگەر وەهابێ، بۆچی هەزاران دانە بۆ خەڵکی بەچاپ دەگەیێنێ؟.. بابڕوات لەنێو ئەندامانی خێڵەکەیدا بڵاویان بکاتەوە.. ئایا دەیەوێ بەشان و باڵی سەرخێڵدا هەڵبدات؟ سەرخێڵی ئەو شانی وا، باڵی وا، گۆپاڵی وا.؟!

جاخۆ مێژووی زۆر نزیک، پێمان دەڵێ: لەهەر شوێنێ دوو خێڵی نەیار هاوسنوور بووبن، کاتێ یەکێکیان چووبێتە پاڵ پێشمەرگەو شۆڕش، ئەوا ئەوی دیکەیان داوێتییە پاڵ داگیرکەر.. داگیرکەرانی کوردستان هەمیشە بەم خێڵ، ڕاپەڕینی ئەو خێڵیان فت کردووە.. زۆر جارانیش، کاتێ سەرخێڵەکان بەرژەوەندیی تایبەتییان کەوتبێتە مەترسییەوە، ئانکو دەسەڵاتی داگیرکەر، گەیشتبێتە سنووری پاوانیان، ئیدی لەشۆڕش هەڵگەڕاونەتەوە و داویانەتە پاڵ دوژمن. ئەوان بەزۆریی بەرژەوەندیی خۆیان پێ لەپێشتر بووە تا بەرژەوەندیی گەل و نیشتیمان. لەمێژووی شۆڕشی ئەیلوول و شۆڕشی نوێشدا زۆر نموونەی وەهامان هەن. هەروەها لەسەرو بەندی شۆڕشەکانی شێخ مەحموودیشدا زۆرێک لە خێڵەکانی ناوچەکە ئامادەی هاوکاریی شێخ نەبوون. بەڵکو لەپێناوی چەردەیەک دەستکەوتدا پشتیان تێکرد. پێچەوانەی خێڵە عارەبەکانی باشووری عێراق هەڵوێستیان نواند. کاتێ ئەوان بەچەکی سەرەتاییەوە چوونەوە بەگژ داگیرکەری ئینگلیزدا و هەندێ خێڵە عارەب بەرگریی بێوێنەیان نواند. کەم ڕێکەوتووە خێڵی کورد ڕۆڵی نیشتیمانیان هەبووبێ. دوای دامرکاندنەوەی شۆڕشی شێخی گەورە، خێڵەکانی دەوروبەر، دایانە پاڵ ئینگلیزو بەتوندی بەگژ ئیبراهیم خانی دەلۆدا چوونەوە، کاتێ ئەو پیاوە گەورەیە لەتۆڵەی شکست و دەستگیرکردنی شێخدا، لە ناوچەی گەرمەسێر شوڕشی بەرپاکرد. مێژوو شەرمی لەکەس نییە و پێمان دەڵێ: ئینگلیز بەئاسانی نەیدەتوانی هەوڵی برایم خان پووچ بکاتەوە، ئەگەر پەلاماری خێڵەکانی دەوروبەر نەبووایە. لە سەروبەندی کۆماری کوردستانیشدا 1946، دیسانەوە هەندێ لە خێڵەکانی دیوی خۆرهەڵات هەڵوێستیان شەرمئاوەر بوو، کاتێ پشتیان کردە پێشەوا و لەبیری تاڵان و بڕۆدا بوون و چاویان بڕیبووە تاڵانی ماهابادی بایتەختی قازی!

پێم وایە بەعسیش نەیدەتوانی بەو بەرفراوانییە ئەنفال پیادە بکات ئەگەر پاڵپشتی خێڵەکانی کورد نەبووایە، کە لەدەیان فەوجی جاش و مەفرەزەی تایبەتدا کۆببوونەوە و چاویان لەتاڵانیی قەرەداخ و گەرمیان و ناوچەکانی دیکەی باشووری کوردستان بڕیبوو؛ جا کوردیش چی بەسەردێ قیروسیا. ئەوەبوو لە سەروەختی ئەنفالدا تەنیا یەک فەوجیش لەو حەمکە چاشە یاخی نەبوو. پێموایە ئەگەر چەند فەوجێکی چاش ؛کە هەموویان کوڕانی خێڵ بوون یاخیبوونی خۆیان ئاشکرا بکردایە، ئەوا بەعس ئەگەر دێهاتیشی کاول بکردایە پڕکێشی ئەوەی نەدەکرد هەموو دانیشتوانەکەی بەو شێوەیە بکوژێ و تەفروتووناکا. چونکە ئەودەمە دەوروبەر و هەموو دنیا پێیان دەزانی و کوشتنی سەدان هەزار کەسی بێچەک و بێگوناە هەروا بەئاسانی دیزەبەدەرخۆنە نەدەکرا. ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنفال و کارەساتی بێ سەروشوێن کردنی هەشت هەزار بارزانی دەریانخست ؛کە خێڵەکانی کورد بەتەواوی یاسا ڕزیوەکانی خێڵ دەرهەق بەیەک پیادەدەکەن؛ بەڵام لە بەرامبەر بیانیدا ملیان لەموو باریکترە و هیچ دەربەستی نیشتیمان نین.

هەندێ جاران خێڵ و ناوچە هاوسانن و یەک واتایان هەیە.کاتێ دەڵێی (خۆشناو) واتە ئەو خێڵەی، لە ناوچەی خۆشناوەتی دەژی و نیشتەجێیە. هەروەها (شوان) لەناوچەی شوان و (داودە) لە

ناوچەی داودە و موکری لە موکریان.. بۆیە هەمان دەستوور، بەناجۆری دەزانم نووسەر و هونەرمەند نازناوی ناوچەیش هەڵبگرن. وەک: قەرەداخی، شارباژێڕی، بۆتانی.. هتد.
هەندێ جاران هونەرمەند نازناوی (گوند) هەڵدەگرێ!!.. ئەم دیاردەیە، ئەگەر کەمێ لەسەری ڕاوەستی، هەست دەکەی جێی زەردەخەنەیە!.. هونەرمەندێ ئامێرێکی مۆزیکی ڕۆژئاوایی بژەنێ، پۆشاکی خۆراوایی بپۆشێ، و ملبەند(بۆینباخ) ببەستێ، تێکرای کورد نەک تەنیا خێڵێک یاخود ناوچەیەک بە (هونەرمەندی) بزانێ، کە لەخۆیدا بڕوانامەیەکی گەورەیە ؛ کەچی ئەو نازناوی گوندێک هەڵبگرێ، کە ڕەنگە ساڵێ بەو عەیام پاپیرانی لەوێندەرێ ژیابن و توتن و تەماتەیان چاندبێ!!.. ئەوەیش لەولاوە بوەستێ کە مۆزیک بۆخۆی، زمانێکێ جیهانییە، بە ئاسانی سنووری خێڵ و شارو نەتەوەیش دەبرێ و بەسەر زەریاکاندا دەفڕی و وەک ژانرەکانی دی پێویستیی بە وەرگێڕانیش نابێ.
لەم ڕووەوە مرۆڤ کاتێ بیر لە نووسەرە پێشەنگەکان دەکاتەوە، زیاتر پێیان سەرسام دەبێ. ئەوان هوشیارانە نازناویان بۆخۆیان هەڵبژاردووە. وەک: نالی، سالم، کوردی، بێکەس، مەدهۆش، هەردی، مەحوی، ناڵبەند، ناری، دڵدار، جگەرخوێن.. ئەمانە نەبەلای ناوچەگەریدا و نەبەلای خێڵ و گونددا چوون و دوورتر ڕوانیویانە.
عەبدوڵڵا بەگ، کە خۆی بەگزادەی جافە، هاتووە نازناوی (گۆران)ی بۆخۆی هەڵبژاردووە. ئای لەو گەورەییە؟!.. لەمەشیاندا هەر پێشەنگە. دیارە کەسانێک خەریکی کشتوکاڵ بن، لەڕووی شارستانییەوە قۆناغێک لەپێش خێڵەوەن، کە بەهۆی چێودارییەوە ،کاریی سەرەکیی(ئەو سەردەمە) خێڵەو خوارو خێڵەو ژوور بووە و نیشتەجێ نەبووە. هەرچۆنێ بێ، گۆرانی خانوونشین؛ لەپێش خێڵەکیی (دەوار) نشینەوەیە. جگەلەوەی خەڵکانی نیشتەجێ زیاتر ڕێز لەخاک و بووم دەگرن تا مەردمی خێڵەکی. هەر بەو پێیەش چاکتر بەرگریی لێدەکەن.
هەندێ نووسەر و هونەرمەند هەن، نە نازناوی خێڵیان هەیە و نەهونەریی. کوت و مت بەناوی دووانی و سیانییەوە خۆیان دەناسێنن. کەچی بەهۆی چالاکی و داهێنانیانەوە لە بوارەکانی ڕووناکبیریدا، بوونەتە ناوی درەوشاوە و زیندوو، هەردەم لەسەر زاری خەڵکن. وەک: دڵشاد محەمەد سەعید، شوکر مستەفا، حسێن عارف، محەمەد عارف.
ئەگەر نووسەری (پیاو) نازناوی خێڵ و ناوچەش هەڵبگرێ هەر نەیسە. بەڵام نووسەری (ئافرەت) لەپای چی؟!.. خێڵ هەردەم شانازی بەژمارەی (پیاو)ەکانییەوە دەکا، کە بۆیان هەیە لەڕۆژی شەڕ و دەعوادا ببنە تفەنگچی و جەنگاوەرانی خێڵ. لە پێکدادانی خێڵەکاندا هەردەم خاڵی لاواز مێینەیە، کە بە حسابی خۆیان لەوانەیە شانکورتی و ئابڕووچوونیان بەسەردا بێنێ. سەرخێڵ و ئەنجومەنی خێڵ، یان ڕیش چەرمگی خێڵ، هەردەم پیاو بوون و لە ئایندەشدا، تا ئەوەندەی خێڵ و سیستمی خێڵ بمێنێ، هەر پیاو دەبن. لە سەرەڕۆییەکانی خێڵ و ناوچەدا زیانی گەورە بەر (ژن) دەکەوێ. ئەوە ژنە کە تووشی (زۆرەدەستگرتەی) دەبێ و دەبێتە بەشێک لەترش وتاڵانیی خێڵی سەرکەوتوو(سەبی))!!.. کاتێ شەڕ درێژە دەکێشێ و لەتام دەردەچێ و خوێنێکی زۆر دەڕژێ. دوا

جاریش هەر ئافرەتە دەبێتە قوربانی و خوێنی پێ خۆش دەکرێ و بۆ (مەسڵەت) لە خوێنباییدا دەدرێ. یان بەهۆی ژن و ژنخوازییەوە خزمایەتیی لەنێوان خێڵە دوژمنەکاندا پێکدێنی!

ئەگەرچی ژنانی خێڵ لە پیاوان زیاتر کاردەکەن، منداڵ بەخێو دەکەن مەڕ و ماڵات تاقەت دەکەن. مەشکە ومەڵانیش هەر کاری ژنانە و لەکشت وکاڵیشدا لەپیاو زێتر کاردەکەن وێڕای تەونگەری و چیغ دروست کردن و ڕستن ، هەر خۆشیان ئاشپەزی ماڵن. بەڵام لەکن مرۆڤی خێڵەکی ژن بێجگە لەوەی یەکێکە لە پیویستییەکانی پیاو هیچی دیکە نییە! لەیاسای خێڵدا ژن بەشێکە لە کەل وپەلی پیاو. دەکرێ سەرخێڵێ بڵێ: من هەزار سەر مەڕ و پەنجا تفەنگی بڕنەو و هەزار دۆنم زەویی بەرواو و دە لۆری سکانیا و چوار لاندکرۆز و سێ ژنم هەیە!..

ژن لە ئابووریی خێزاندا خاوەنی هیچ نییە. پیاو خاوەنی موڵک و دەوڵەتە (مەڕوماڵات) نەک ژن. هیچ نەخش و بڕیارێکیشی بەدەست نییە. وەک پیاوی خێڵەکی خۆیان دەڵێن: (پرسی پێبکە بەڵام بەقسەی مەکە!). ئەسڵەن پیاوی خێڵەکی لەلای نەنگە لەکۆڕو کۆمەڵدا ( ناو )ی ژنەکەشی بهێنێ. لەبریی ناوی هاوسەری ژیانی، وشەی ژنەکەم، خێزانەکەم، کەیبانۆکەم، دایکی منداڵەکان. حورمێ ... بەکاردێنێ. بەگشتی بۆ ڕەگەزی مێ، هەردەم وشەی (زەعیفە)ی لەسەر زارە، کە بەهۆی هاوماڵی هاوئۆلییەوە لە کلتووری عارەبەوە ئەم( وشە جوانە!!!)ی بۆ ماوەتەوە.

جێی لەسەروەستانە هەندێ لەو ئەدیب و هونەرمەندانەی نازناوی خێڵیان هەڵگرتووە، خوێندنی باڵایان لە هەندەران تەواو کردووە، سووریش دەزانن هەردەم سەرخێڵەکەیان دەستی لە دەستی دوژمنی کورددا بووەوە و زیانی زۆریشی بەم گەلە خێرنەدیوە گەیاندووە، بگرە لەسەر خوێنی لاوی کورد ژیاوە. لەڕاستیدا دەبووایە ئەو ئەدیب و هونەرمەندانە حاشایان لە خێڵ وتیرەگەریی بکردایە نەک بە شانازییەوە ناوەکەی بیلکێنن بە ناوی خۆیان و بڕوانامەی دوکتۆراکانیانەوە.

هەن خاوەنی جووتێک نازناون. یەکێکیان هونەریی و ئەوی دیکەیان خێل یان ناوچە. هەندێکیش ناوی شارەکەیان دەکەنە نازناو، وەک: دهۆکی، ئاکرەیی، مەریوانی.. هتد. پێم وایە ئەمەیان قۆناغێک سەرو خێڵ دەکەوێ. یان دەکرێ بڵێم: بەوەدا شار لە ئەنجامی گەورەبوون و گەشەسەندنی گوندەوە دروست دەبێ و مەڵبەندی پێشڤەچوون و پیشەسازی و زانست و بنکەکانی ڕووناکبیری و ڕێکخراوە جڤاکی و ناحکومەتییەکانە، دەکری نازناوی شار بە پەرەپێدانی نازناوی خێڵ لەقەڵەم بدەین. واتە تاکی خێڵەکی ئەگەر کەمێ فامی کردەوە، گۆڕان و گەشەی فیکریی بە خۆیەوە بینی و ئاسۆی هزری بڕێک فراوانتر بوو ئەوجا لەبریی خێڵ نازناوی شار هەڵدەگرێ، یان لەبریی خێڵ، ئەم شانازی بەشارەکەیەوە دەکات و دەکەوێتە شارچێتی. بەڵام دیسان خۆبەستنەوەی نووسەر بە ڕووبەرێکی جوگرافیایی بەر تەسکەوە کارێکی ناجۆرە. چونکە هونەرمەندو نووسەر بۆ میللەتێک دەنووسن و بەرهەم دێنن نەک بۆ شارێک. هەرچەندە ئەو شارەشیان لەکن شیرین بێ هێشتا هەر ئەم جۆرە نازناوانە، لەگەڵ ئەم چەرخی جیهانگیرییەدا نایەتەوە ،کە بەهۆی پەرەسەندنی میدیا و هۆیەکانی گەیاندنەوە، گۆی زەوی وەک گوندێکی لێهاتووە. میدیاکان باکوور و باشووری زەوییان پێکەوە گرێداوە. ئایا شیاوە و لەئاستی سەردەمدایە،

ئەدیبی کورد خۆی بخزێنێتە قاپلۆخی تەسکی خێڵەوە، یان گوند و شارێکەوە؟!.. ئەگەر جیهانگیریی لەیەک نزیککردنەوەی کیان و نەتەوەکان و سڕینەوەی سنوورەکان بێ، خۆ تیرەگەریی و شارچێتی دەیەوێ جەستەی خاک و نەتەوەیەک داغان و پارچە بکات و بەئەمانەتەوە پاسەوانی سنوورە تەسکەکەی خێڵ بێ. کەواتە نازناوی خێڵ لەگەل ڕیتم و گیانی ئەم سەردەمەدا ناکۆکە. بادەستبەرداری بن. چاوەڕوانی ئەوە لە ئەدیب دەکرێ تاکێکی لەداب و نەریتە ڕزیوەکان یاخێ بێ. خێڵیش مەکۆی پاراستنی هەموو کلتوور و داب و نەریتە پاشڤەڕۆکانە، کە هەمیشە تاکیان پێ سەرکوت کراوە.

پێم وایە نووسەری خێڵەکی، کەسێکە وەک تاک ناتوانێ بە تەواوی گوزارشت لەخۆی بکا. پێدەچێ تاکێکی ڕارا و ناجێگیر و بێ بڕوابێ؛ بۆیە خۆی لەپەڵ خێڵدا مەڵاس داوە. بۆیە زاتی ئەوە ناکا لە ڕەشماڵی سەرخێڵ بێتە دەر و ئازاد بێ. یان دەکرێ بڵێم: ئەو تاکێکە هێشتا سەری لە ڕەشماڵ و سیستمی خێڵ نەجووقاوە!

**ماویەتی**